

# مەڕە ڕەشەکان

**هاینریش بۆل**
**لە ئەڵمانییەوە: عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

وا دیارە من ئەو کەسە دەستنیشان کراوەم تا مشووری ئەوە بخۆم زنجیرەی مەڕە ڕەشەکان لە ناو نەوەی ئێمەدا نەپچڕێت. هەردەبێت یەکێک ئەو مەڕە ڕەشە بێت، ئەویش منم. هیچ کەسێک بیری ئەوەی لە من نەدەکردەوە، بەڵام ئەمە شتێکە و تازە ناگۆڕێت، من ئەو مەڕە ڕەشەم. خەڵکە ژیر و ئاقڵەکانی خانەوادەکەمان پێیان وابوو ئەو کاریگەرییەی مام ئۆتۆ لەسەر من هەیبووە کاریگەرییەکی باش نەبووە.

مام ئۆتۆ مەڕی ڕەشی نەوەی پێشووی خانەوادەکەمان بوو، هەروەها شایەتی (شووشتنی پیرۆز)ی منیش بووە. هەر دەبووایە یەکێک ئەو مەڕە ڕەشە بووایە، مام ئۆتۆ ئەوەیان بوو. هەڵبەتە بەر لەوەی بزانرێ کە ئەم لە شایەتییەکە سەرکەوتوو نابێ، بۆ ئەم مەبەستە هەڵیانبژارد، هەروەها خۆشم کاتی خۆی کرام بە شایەتی شووشتنی پیرۆزی کوڕێکی ساوا، ئێستا لەوەتەی بەرەو ڕەشی دەڕۆم، ئەو کەسە بە ترسەوە لێم دوور دەکەوێتەوە. ڕاستییەکەی دەبێ سپاسمان بکرێت، چونکە خانەوادە بەبێ مەڕی ڕەش، خانەوادەیەکی بێ کەسایەتییە.

دۆستایەتیم لەگەڵ مام ئۆتۆ زوو دەستی پێ کرد. ئەو زۆر دەهاتە لامان نوقڵ و شیرینییەکی زۆری لەگەڵ خۆی بۆ دەهێنایین. کاتێکیش باوکمی بە تەواوی بکەوتبایە بەر دەست، هەر قسەی بۆ دەکرد، هەر بۆی دەدوا تا سەرئەنجام لە داواکردنی قەرزێکی بچووک لەنگەری دەگرت.

مام ئۆتۆ دەیزانی هیچ بوارێک نییە ئەم دەمی تێوە نەژەندبێ، کۆمەڵناسی، میوزیک، ئەدەب، تەلارسازی، هەمووی، بەڕاستیش لە هەریەکێ لەمانە شتێکی دەزانی، تەنانەت خەڵکی پسپۆڕی ئەو بوارانەش دەیانبینی کەسێکی خۆش مەشرەب و ڕۆشنبیرە و زیاد لەپێویستیش نەرمونیانە، حەزیان دەکرد لەگەڵی بدوێن، هەتا لەناکاو

داواکردنی قەرزە بچووکەکە خاوی دەکردنەوە، چونکە ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراوی گەورە بوو. مام ئۆتۆ هەر تەنیا خزمەکانی بەم قەرزە بچووکانە بێزار نەدەکرد، بەڵکو تەڵە شاراوەکانی خۆی لەو شوێنانەش دادەنایەوە کە هەمیشە بردنەوەی تێدا بەدی دەکرد.

خەڵک هەموو لەو باوەڕەدابوون کە ئەم دەتوانێ لەم زانیارییانەی خۆی دەسکەوتێک بەدەست بێنێ، وەک نەوەی پێشوو دەیانگوت، بەڵام ئەم هیچی لێ حاسڵ نەدەکردن، ئەم ڕقی خزمەکانی هەڵدەستاند.

ئەوەش هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە کە چۆن دەیتوانی تێڕوانینەکان وا لێ بکات کە لەم ڕۆژەدا داوای قەرزە بچووکەکە ناکات، بەڵام هەر داوایشی دەکرد. بە ڕێکوپێکی، بە بەردەوامی. من باوەڕم وایە ئەم هەرگیز وای بەسەرخۆ نەهێنابێ کە بەسەر هەڵێکدا بازی دابێت. قسەکانی زۆر سەرنجڕاکێش بوون، پڕ بوون لە حەماسەتی ڕاستەقینە، بە وردی بیری لێ کرابووەوە، نوکتەئامێز بوون، بۆ ناحەزانی لەناوبەر بوون، بۆ دۆستانی شکۆبەخش بوون، زۆر بەچاکی دەیتوانی لەبارەی هەرشتێکەوە قسە بکات کە جێگەی باوەڕپێکردن بووایە. کاتێ بڕوا دەکرا کە ئیتر داوای قەرزەکە ناکات، ئەوجار داوای دەکرد.

مام ئۆتۆ هەر چەندە منداڵیشی نەبوو، بەڵام دەیزانی چۆن منداڵی شیرەخۆرە ژێر بکاتەوە، ژنانی دەئاڵاندە ناو قسە و باسی سەرنجڕاکێش دەربارەی ڕێجیم کردن و کەمخواردن، لەکاتی نەخۆشییە دەروونییەکاندا. پێشنیاری چەندان جۆرە تۆز و دەرمانی بۆ دەکردن، ڕەچێتەی لە پارچە کاغەزێکدا بۆ دەنووسین و بڕ و ژەمەکانی بۆ ڕێک دەخستن. مام ئۆتۆ دەیزانی ژنەکان چۆن دەگیرێن. کاتێ منداڵێکی ساوای پێ دەسپێررا یەکسەر لەباوەشی ژێر دەبووەوە. وەک بڵێی هەندێ شتی جادووگەرانە لە مام ئۆتۆ بەدی دەکرا. مام ئۆتۆ زۆر بەچاکی سەمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤنی شی دەکردەوە. نووسینە یاساییەکانی بە دەستەوە دەگرت و هەر لەبەر ژمارەی ئەو یاسایانەی دەزانی کە باس دەکران.

بەڵام قسەکە لەهەر کوێ بووایە و دەربارەی هەرچی بووایە، کاتێ کۆتاییەکەی نزیک بووبووایەتەوە، ئەوە وەک پیشەی نەگۆڕی خۆی ماڵئاواییەکەی دەکرد. بە زۆری لە دالآنەکە ئەگەر دەرگاکە نیوەی کرابووایەتەوە، بە ڕەنگە زەرد و چاوەڕەشە پڕ لە زیندەگییەکانی سەری دەهێنایەوە ژووری و لەناو ترسی خانەوادەکەیدا ئاوا وەک شتێکی لاوەکی بە کەسی گەورەی مەجلیسەکەی دەگوت "ئەرێ ئەوجار دەتوانی شتێکم بە قەرز بدەیتێ..."

ئەو بڕە پارەیەی ئەم داوای دەکرد لەنێوان یەک تا پەنجا مارک بوو، پەنجا مارک بەرزترین ڕادەی ئەو پارەیە بوو. مام ئۆتۆ لەم دە ساڵەدا یاسایەکی بۆ خۆی داڕشتبوو کە نەشێت لەو بڕە پارەیە زیاتر داوا بکات. لە کۆتاییدا وشەی (قەرزێکی کورتخایەن)ی بە داواکەیەوە دەنا. (قەرزی کورتخایەن) خۆشەویستترین وشەی ئەو بوو، ئینجا دەگەڕایەوە و شەپقەکەی بە کۆڵەگەی جلەکانەوە هەڵدەواسی، ملپێچەکەی لە مل دەکردەوە و دەستی دەکرد بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەو بۆچی پێویستی بەم بڕە پارەیە هەیە؟. ئەو هەمیشە پلانی هەبوو، پلانی بێ هەڵە و کەموکووڕی. ئەو پارەکەی ڕاستەوخۆ بۆ خۆی نەبوو، بەڵکو هەر بۆ ئەوەی بوو تا بناغەیەکی پتەو بە بوونی خۆی ببەخشێ. پلانەکانی لەنێوان کردنەوەی دوکانۆچکەیەک و دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەهات و دەچوو. دوکانۆچکەیەک بۆ فرۆشتنی لیمۆنادە، تا دەسکەوتێکی نەگۆڕ و بەردەوامی لێ دەست بکەوێ، پارتێکی سیاسیش کە ئەورووپا لە هەرەسهێنان و داڕمان بپارێزێ.

دەستەواژەی (قەرزی کورتخایەن) لەناو ئەندامانی خانەوادەکەماندا بووبوو بەشتێکی ترسناک. ژن و پوور و پووری گەورە و کچەزا و کوڕەزای وا هەبوون کە بە بیستنی ئەم دەستەواژەیە، هەر ئەوەتا لە هۆشی خۆیان نەدەچوون.

من وای بۆ دەچم مام ئۆتۆ زۆر بەختەوەر بووە، هەرکە لە قاندرمەکان تاوی دەدایە خوارەوە، دەچووە نزیکترین مەیخانە تا لەوێ بەدەم خواردنەوەی قاپێک شناپس، یان سێ قاپ شەرابەوە - بەپێی ئەو پارەیەی هەڵیکڕاندبوو- بیر لە پلانەکانی بکاتەوە و لەناو سەری خۆیدا بیانهێنێ و بیانبات.

من نامەوێ چیتر بێ دەنگی لەوە بکەم کە مام ئۆتۆ دەیخواردەوە. ڕاستە کەس ئەمی بە سەرخۆشی نەبینیبوو، بەڵام دەیخواردەوە. سەرەڕای ئەوەش وا دیاربوو پێویستی

بەوە هەبوویێ بە تەنیا بخواتەوە. ئەلکهول پێدان بەم، بەو مەبەستەی واز لە داواکردنی قەرزەکان بێنێ کاریکی تەواو بێهوودە بوو. یەک بەرمیل شەرابیش ئەو قەرزکردنەی لەبیر نەدەبردەوە، لە کاتی خواحافیزیدا لە دوایەمین چرکەدا جارێکی تر سەری لە کەلێنی دەرگاکە دەهێنایەوە ژووریێ تا بپرسێ "ئەرێ بەڕاست دەتوانی قەرزێکی کورتخایەنم بدەیتێ؟"

بەڵام هەتا ئێرە من بێ دەنگیم لە خراپترین سیفەتی ئەم کردووە. هەندێ جار مام ئۆتۆ پارەی دەگەڕاندەوە، هەندێ جاریش وا پێدەچوو لێرە و لەوێ شتێکی دەست بکەوێ، چونکە لەم دوایيانەدا وتاری دەدا، وتارەکانیشی هەمووی ڕێنمایی و ئامۆژگاری یاسایی بوون، ئینجا دەهات و پارەیەکی کاغەزی لە گیرفانی دەردەهێنا، بە سۆزێکی پڕ لە ئازارەوە دەیگوت "تۆ زۆر دڵسۆز بوویت کە یارمەتی منت دا، فەرموو ئەوە پێنج مارکەکە" ئینجا خێرا دەڕۆیشت و ئەگەر زۆری پێ بچووبووایە دوای دوو ڕۆژان دەگەڕایەوە تا داوای ئەو بڕە پارەیە بکاتەوە کە گەڕاندبوویەوە.

ئەوەیان هەر بە نهێنی مام ئۆتۆ دەمێنێتەوە، کە چۆن بۆی چووبووە سەر تەمەنی بیێتە نزیکەی شەست ساڵ، بێ ئەوەی بیێتە خاوەنی هیچ پیشەیەکی ڕاستەقینە، پیشەیەک کە لەسەری ڕابێین پێیەوە ناوزەدی بکەین.

مام ئۆتۆ بە هیچ نەخۆشییەک نەمرد کە ڕەنگ بوو لە ئەنجامی زۆر خواردنەوەوە تووشی بێت. ئەم وەک گوێزی ساغ وابوو، دڵی زۆر بەچاکی ئیشی دەکرد، خەویشی دەتگوت خەوی ئەم ساوای شیرەخۆرەیە کە سەر لە ئێواران تێر شیر بێت و بەوپەڕی ئارامییەوە دەخەوێ، نەخێر ئەم زۆر بە کتوپڕی مرد. ڕووداوێکی ناخۆش کۆتایی بە ژیانی هێنا و ئەوەی دوای مردنیشی ڕووی دا بۆ ئەو بە نهێنیترین شت دەمێنێتەوە.

وەک گوتم مام ئۆتۆ بە ڕووداوێکی ناخۆش سەری نایەوە، لۆرییەکی بارهەڵگر لە ناو قەرەباڵغی شاردا بە سێ عارەبانەکەی دووایەوە پلیشاندیەوە. باش بوو پیاو چاکێک هەڵی گرتبووە و دابوویە دەستی پۆلیس و خانەوادەکەی لێ ئاگادار کردبووەوە. لەناو گیرفانەکانی جزدانێکی پارەیان دۆزییەوە، جزدانەکە مەدالیایەکی ماریا و بلیتێکی دووسەری شەمەندەفەری ناوشار، لەگەڵ بیست و چوار هەزار مارکی وشکە، هەروەها وەسڵێک لەوانەی کە دەبێ نمایندەی یانەسیبی لۆتۆ ئیمزای بکەن. مام ئۆتو نەدەبوو لە دەقیقەیەک زیاتربێت بوویێتە خاوەنی ئەم پارەیە، ڕەنگە کەمتریش، چونکە ئەو لۆرییەی پێی لێنا هەر پازدە مەترێک لە دوکانی یانەسیب فرۆشەکەوە دوور بوو، ئینجا ئەوەی بەدوای مردنەکەیدا هات کەمێک شەرمەزاری بۆ خانەوادەکەی هێنا. هەژاری و لاتی باڵی بەسەر ژوورەکەیدا کێشابوو: مێزێک، کورسییەک، جێگەخەوێک و دۆڵابێک، چەند کتێبێک لەگەڵ دەفتەرێکی گەورەی تێبینی تێدا نووسین. لە دەفتەرەکەدا ناوی هەموو ئەو کەسانەی تێدا نووسرابوو کە دەبووایە پارەی خۆیانی لێ وەربگرنەوە، لەدوای هەموویانەوە ئەو قەرزەی ئێوارەی ڕۆژی پێشووشی تێدا نووسیبوو کە چوار مارکی لێ دەست کەوتبوو. جگە لەمانە وەسیەتنامەیەکی زۆر کورتیش کە تێیدا منی بە میراتگری خۆی دانابوو.

باوکم وەک جێبەجێکەری وەسیەتنامەکە بووە نوێنەری مام ئۆتۆی ڕەحمەتی تا سەرجەم قەرزەکانی بداتەوە. ڕاستییەکەی لیستی ناوی خاوەن قەرزەکانی مام ئۆتۆ سەرتاپای دەفتەرەکەی پڕکردبووەوە. سەرەتای یەکەم قەرزی دەگەڕایەوە بۆ ئەو ساڵەی وازی لە خولی ڕاهێنانی دادگا هێنا و کتوپڕ خووی دایە پلانێکی تر، نرخی ئەو پلان و بیرکردنەوەیەی ئەو بریتی بوو لەم هەموو کات و ئەو هەموو پارەیە. کۆی قەرزەکان خۆی لە نزیکەی پازدە هەزار مارک دەدا. ژمارەی خاوەن قەرزەکان لە حەوت سەد کەس زیاتر بوون، لە بلیت فرۆشێکی ناو شەمەندەفەری ناو شار دەستی پێ دەکرد کە سی فینکی بۆ کڕینی بلیتێکی دووسەرەی شەمەندەفەر لێ قەرز کردبوو، تا دەگەیشتە باوکم، کە ئەمیان دوو هەزار مارکی بۆ گەڕایەوە، چونکە باوکم بۆ مام ئۆتۆ لە هەموو کەسێک ئاسانتر دەستەمۆ دەبوو کە قەرزی لێ وەربگرێ.

شتێکی سەیر بوو، هەر لەڕۆژی بەخاکسپاردنی ئەم پیرەمێردەدا، بۆم لووا ببم بە خاوەنی دە هەزار مارکی میراتییەکەی. یەکسەر دەستم لە خوێندنی زانکۆ هەڵگرت، بۆ ئەوەی خەریکی نەخشەیەکی دیکە بم. سەرەڕای گریانی دایک و باوکم یەکسەر گەڕامەوە ماڵەوە تا بۆ ژوورەکەی مام ئۆتۆ بگوێزمەوە، دڵم بە زۆر

ڕایەدەکێشامە ئەوێ تا ئەمڕۆش هەر لەوێ دەژیم، هەرچەندە ماوەیەکی زۆریشە قژم دەستی بەوە کردووە ڕووناکی بەناودا تێپەڕێ. کەلوپەلەکانی ژوورەکە نە زیادیان کردووە، نە کەم.

ئێستا دەزانم کە من بە هەڵە دەستم پێ کرد. ماقووڵ نەبوو ببمە مۆسیقاژەن، چ جای ئاوازدانەر، بەهرەی ئەوەم تێدا نەبوو، بەڵام باجی ئەو ڕاستییەم بە سێ ساڵی زانکۆ دا، هەڵبەتە ناوی (کابرایەکی بێکار)یشم پێوە لکا. جگە لەمانەش پارەی میراتییەکەم هەمووی لەم ڕێگایەوە ڕۆیی، بەڵام ئەم ناوە دەمێکە بەسەرمدا بڕاوە.

ئیتر من ڕیزبەندی پلانەکانم نازانم، چونکە یەکجار زۆر بوون. جگە لەمەش ئەو کاتانەی پێویست بوون تا لە پلانەکانم وردببمەوە و ناماقوولیەتەکانیان بزانم تا دەهات کورت دەبوونەوە، لە ئاکامدا وای لێهات پلانێک سێ ڕۆژی دەخایاند، لە کاتێکدا سەرتاپای تەمەنێک کورتە بۆ پلانێک. ئیتر ماوەی ژیانی پلانەکانی من هێندە بەخێرایی کورت دەبوونەوە، سەرئەنجام تەنیا بووبوونە بریسکەیەکی خێرای بیرکردنەوە، کە نەمدەتوانی بۆ یەکێکی باس بکەم، چونکە لای خۆشم ڕوون نەبوون.

کاتێ بیر دەکەمەوە، پاش هەموو ئەمانە سێ مانگان خۆم بە ڕوخسار خوێندنەوە خەریک کرد، هەتا لەپاش نیوەڕۆیەکدا بڕیارم دا ببم بە بۆیاخچی، باخەوان، فیتەر، دەریاوان، هەرکە بە دەم داڵغەوە خەو بردمیەوە بووبوومە مامۆستا، کاتێکیش لەخەو هەستام بووبوومە فەرمانبەری گومرگ، من ڕێک بۆ ئەو کارە دەگونجام.

بە کورتییەکەی من نە قسە خۆشییەکەی مام ئۆتۆم هەبوو، نە پشوو درێژییەکەی ئەویش. جگە لەمانەش وتاربێژ و قسە ڕەوانیش نەبووم. بەبێ دەنگی لەلای خەڵکی دادەنیشتم و خەڵکم بێ تاقەت دەکرد، لەناوەندی ئەم بێدەنگییەدا هەوڵدانەکەم بۆ لێ هەڵکڕاندنی پارەکەیان هێندە بەچەشنێکی کتوپڕ دەبوو، کە کارەکە وەک ڕووتکردنەوەیان دەهاتە بەرچاو. تەنیا لەگەڵ منداڵان چاکم بۆ دەهات، بەلایەنی کەمەوە ئەم سیفەتەم وەک شتێکی چاک لە مام ئۆتۆوە بۆ مابووەوە، کاتێ منداڵانی شیرەخۆرم لە باوەش دەکرد یەکسەر ژێر دەبوونەوە، کاتێکیش سەیریان دەکردم بۆم پێدەکەنین، ئەوە ئەگەر بیانتوانیبایە پێ بکەنن، هەرچەندە پێشیان دەگوتم کە دەم و چاوم زەندەقی خەڵک دەبات. خەڵکی خراپ پێشنیاریان بۆ دەکردم کە وەک یەکەمین نمایندەی پیاو خواردنگەیەک لە باخچەی ساوایان بکەمەوە و نەخشە سیاسییە بێ کۆتاییەکانم لە میانی ئەو پلانەدا جێبەجێ بکەم، بەڵام من کاری وەها ناکەم. من لەو بڕوایەدام ئەوەیە ڕێگریمان لێ دەکات لەوەی بکرێ توانستە ڕاستەقینەکانی خۆمان بخەینە کار، یان وەک ئێستاکە دەڵێین بۆ کار و کاسبی بەکاری بهێنین.

هەر چۆنێک بێت شتێکی جێگیر هەیە: ئەگەر من مەڕێکی ڕەش بم - کە من بە بێ گومان قەناعەتم بەوە هێناوە هەر دەبێ یەکێک ئەو مەڕە ڕەشە بێت- ئەگەر ئەوە من بم، ئەوە بە جۆرێکی جیاواز نوێنەرایەتی مام ئۆتۆ دەکەم. من ئەو ئێسک سووکی و سەرنجڕاکێشییەی ئەوم نییە، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر قەرزەکانم تۆزێک کۆببنەوە سەریەک تەنگم پێ هەڵدەچنن.

کارێکی ترسناکم کرد: ملی خۆم کەچ کرد و بۆ ئیشێک پاڕامەوە. بۆ یارمەتی لە خزم و کەسەکانم پاڕامەوە، تا بمگرنە خۆیان و لە بەرانبەر کرێیەکی جێگیر کارێکم بۆ بدۆزنەوە. ئەوان سەرکەوتن. پاش ئەوەی دەستم لە پاڕانەوە هەڵگرت، بەڵێننامەیەکی خێرا و پڕ لەپاڕانەوەم بە نووسین و بەزاریش پێ ڕاگەیاندن. کاتێکیش زانیم کارەکەیان بە جددی وەرگرتووە ترسم لێ نیشت، کارەکە مەیسەر بوو. کارێکم کرد کە هەتا ئێستاش هیچ مەڕێکی ڕەش کاری وەهای نەکردووە. نەتەکیمەوە و ڕەتم نەکردەوە، ئەو کارەی بۆیان دۆزیمەوە وەرمگرت. شتێک کە هەرگیز نەدەبوایە بیکەمە قوربانی بۆی کردم، ئەویش ئازادییەکەم بوو.

هەموو ئێوارانێک کە بە ماندوویی و شەکەتی بۆ ماڵێ دەگەڕامەوە، لەوە بێزار دەبووم کە ڕۆژێکی تریش لە ژیانمدا تێپەڕی، ڕۆژێک کە چەند ماندوویەتی و تووڕەیی تێدابوو، هێندەش پارەی بۆ من تێدا بوو، کە بتوانم لە ئیشەکەدا بەردەوام بم - ئەوە ئەگەر ئەو خۆ خافڵاندنە بە ئیشکردن حیساب بکرێت- ئیشەکە ئەوە بوو پسوولەکان بە پێی ئەلف و بێ ڕیز بکرێن، پاشان کون بکرێن و بخرێنە ناو فایلەکانەوە، واتە ناو ئەو شوێنەی کە ئیتر تێیدا حسابەکەی نەدەدرا و چارەنووسیان دەبووە تلانەوە بەدەم ئارامگرتنەوە، یان نامەی پڕوپاگەندەکردن

بنووسرێ، کە بەبێ سوود بۆ ئەو دەوروبەرە دەچوون و تەنیا بارگرانییەک بوون بۆ پۆستەچییەکە. هەندێ جاریش ئیشەکە بریتی بوو لە نووسینی ئەو پسوولانەی کە جاروبار پارەکەیان بە کاش دەدرا. دەبووایە دانوستاندنانەکان لەگەڵ کڕیارەکان بەڕێوە ببەم، کە بێهوودە خۆیان ماندوو دەکرد تا ئەو زبڵ و خاشاکانە بەسەر یەکێک دابدەنەوە، کە وەستاکەم دروستی کردبوون. وەستاکەمان؛ ئەو ئاژەڵە چەمووشەی هیچی نەدەکرد و هیچ کاتیشی نەبوو، هەموو ڕۆژێ بەنرخترین سەعاتەکانی ژیانی بە فیڕۆ دەدا و ئازایەتی ئەوەیشی تێدا نەبوو ددان بە قەرزە زۆرەکانیدا بنێت، لە فێڵێکەوە بازی دەدایە سەر یەکێکی تر، یاریکەرێکی باڵۆنی ئەکرۆپاتیک بوو، باڵۆنێکی فوو دەکرد لەو کاتەی باڵۆنێکی تری دەتەقاند، سەرئەنجام تەنیا تۆپەڵێک لاستیکی بۆ دەمایەوە کە پێش چەند چرکەیەک لە توندوتۆڵی و زیندەگیدا دەبریسکانەوە.

نووسینگەکەمان دەکەوتە تەنیشت ئەو کارگەیەی دەیان کرێکار ئەو مۆبێلانەیان تێدا دروست دەکرد تا مرۆڤ بیانکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر لەدوای سێ ڕۆژان بڕیاری نەدابایە تێکوپێکیان بشکێنێ و وەک داری سووتاندن بەکاریان بهێنێ، ئەوە دەبوو بە درێژایی ژیان بۆی ببنە مایەی بێزاری، وەک مێزی تەپڵەکی جگەرە، مێزی درومان، کۆمۆدەی بچکۆلانە، کورسی نەخشینی بچکۆلانە کە لە ژێر منداڵێکی سێ ساڵانەدا تێکوپێک دەشکا، تەختی بچکۆلانەی گوڵدان و ئەو شڕ و شیتاڵانەی وا پێدەچوون بەردەوامی و خۆڕاگرییەکەیان قەرزاری ئەو دارتاشە بن کە بە بۆیەیەکی خراپ ڕووپۆشی دەکردن هەر بۆ ئەوەی کەمێک پارە بکەن.

بەم جۆرە ڕۆژەکانم -کە نزیکەی چواردە ڕۆژ دەبوون- یەک لە دوای یەک لە نووسینگەی ئەو مرۆڤە ناڕۆشنبیرە بەسەر برد، کە سەرەڕای ناڕۆشنبیرییەکەی بە ڕاستی خۆی بە هونەرمەند دەزانی، جار جارە -لەو کاتەی لەوێ بووم جارێک ئەوە ڕووی دا- لەلای تەختەی ڕەسمکردنەکەدا دەبینرا یاری بە قەڵەم و کاغەز دەکرد، هێڵکاری بۆ شتێکی شڕ و شەپرێو دەکێشا وەک مێز و ڕاگری گوڵدان، یان مەیخانەی ناوماڵ، بۆ ئەوەی زیاتر ببنە مایەی بێزاری بۆ نەوەکان.

وا پێ نەدەچوو بێ مانایی و قەڵپی ئەو شڕوشیتاڵانەی بۆ بچێتە سەر، ئەگەر نەخشەی شتێکی لەم جۆرانەی بکێشابایە - وەک گوتم لەو کاتەی من لەوێ کارم دەکرد یەک جار شتی وا ڕووی دا- ئەو خێرا بە ئۆتۆمۆبیلەکەی لەوێ دوور دەکەوتەوە، تا پشوویەکی داهێنەرانە بدات، کە زیاتر لە هەشت ڕۆژی دەخایاند، لە کاتێکدا تەنیا چارەکە سەعاتێک کاری کردبوو. هێڵکارییەکەی فڕێ دەدایە سەر مێزی ڕەندەلێدان بۆ بەرچاوی وەستایەکە، ئەمیش بە نێوچەوانێکی لۆچاوییەوە لە هێڵکارییەکە ڕادەما و ئەو داروتەختانەی دیاری دەکرد تا شتەکان بێنێتە بەرهەم، ئینجا بە درێژایی چەندان ڕۆژ دەمبینی چۆن شتە تازە داهێنراوەکان لە پشت پەنجەرە تۆزاوییەکەی کارخانەکە -کە ئەم پێی دەگوت فابریکە- خۆیان کەڵەکە دەکرد، شتەکان بریتی بوون لەو مێزی ڕادیۆ و تاقچکانەی دیوار کە ئەو کەتیرەیەی لێیان خەسار کرابوو، بە ئاستەم بەیەکەوە لکاندبوونی.

تاکە شتێکی شایستەی بەکارهێنان ئەو شتانە بوون کە وەستایەکە بەبێ ئاگاداری خاوەن کارەکە دروستی دەکردن، ئەوە ئەگەر خاوەن کار بە مسۆگەری چەند ڕۆژێک لەوێ نەبووایە؛ تەختی بچووکی ژێر پێ، سەندووقی خشڵی سادە، بە پتەوییەکی دڵخۆشکەرانەی وەها کە کوڕی کوڕیشیان لەسەری هەڵپەڕن، یان وردەواڵەکانیانی تێدا بپارێزن. پتەو وەک ئەو کۆڵەگە جل ڕاگرە بەکارهاتووانەی کە هێشتا کراسی هەندێ نەوەی لەسەر دەشەکێتەوە. بەم جۆرە شتە چاک و سوودبەخشەکانە بە دزییەوە دروست دەکران.

بەڵام ئەو کەسایەتییە خاوەن شکۆیەی کە من لەو ناوبڕە پیشەییەدا ڕێکەوتیم کرد، بلیت فرۆشەکەی ناو شەمەندەفەری ناو شار بوو، کە بە مۆری گازەکەی دەستی ئەم ڕۆژەی لێ ئاوا دەکردم. کاغەزی کارتە هەفتانەییە بچکۆلەکەمی بەرز دەکردەوە و دەیخستە ناو دەمی گازەکەوە، دوو سەنتیمەتر مەرەکەبە شلە نەبینراوەکەی دەخستە سەری و ڕۆژێکی لە ژیانم دەگوزەراند، ڕۆژێکی بەنرخ، کە بەقەد ماندووبوون و تووڕەیی پارەیەکی زۆری بۆ دەهێنام، پارەیەک کە بتوانم زیاتر لەو کارە ناماقووڵەدا بەردەوام بم. گەورەیی چارەنووسی ئەم پیاوە لەناو ئەو قاتەی شەمەندەفەری ناو شاردا بوو کە هەر

ئێــوارەیەک دەیتــوانی ڕۆژانی هەزاران کــەس بە نەمــان بگەیەنێ.

هەتا ئەمــڕۆش لەوە بێ تاقــەت دەبم کــە بەر لەوەی بەناچاری ئاگــاداری خــاوەن کــارەکــەمم بکردبایەوە، ئاگــادارم نەکــردەوە، شڕوشـیــتـاڵەکـانیم فـڕێ نـەدا، بەر لەوەی بە ناچاری فــڕێیــان بدەم، چونکە ڕۆژێکیــان ژنە خاوەن ماڵەکەم کتوپڕ سێ کەسی هێنایە نووسینگەکە، کــە خـۆیان وەک (بەڵـێندەری یانەسـیـبی لۆتـۆ فـرۆشی) ناسـاند و پێـیـان ڕاگـەیاندم کـە من بوومـەتە خـاوەنی سامانێکی پەنجا هەزار مارکی، ئەگەر من فلانە کەس بم و بە تەواوەتی ئەو بم، ئەوە پارەکە دەکەوێتە ناو دەستم، ئیتر ئەو فلانییە من بووم و پارەکە هاتە ناو دەستم. هەر یەکسـەر بەبێ ئاگـادارکردنەوە کـارەکـەمم بەجێ هێشت، پسـوولەکانمم بەبێ کونکردن و بەبێ پۆلێنکردن لە شـوێنی خـۆیان بەجێ هێـشت، هیچ شـتـێکی ترم لەمـە زیاتر بۆ نەمـایەوە کـە بڕۆمـە ماڵەوە و حـسـابەکـان بکەم، پاشـان لەڕێگەی پارە حەواڵەکردنەوە خزمەکانم لەم بارە نوێیەی خۆمەوە ئاگادار بکەمەوە.

وا دیارە چاوەڕێ دەکــرێ بەم زووانە بمرم، یان ببــمــە قــوربانی ڕووداوێکی ناخــۆش، بەڵام حــاڵی حــازر پێ ناچێت هیچ ئۆتۆمۆبیلێک پێویستی بە ژیانی من بێت، دڵیـشم تا بڵـێی ساغ و سـەلیـمە، هەرچەندە ڕقیـشم لە بوتڵەکان نابێتەوە. بەم جۆرە لە دوای دانەوەی قەرزەکانم ئێـسـتـا من خـاوەنی سـامـانێکی سی هەزار مـارکـیم، سامانێکی بێ باج. ئێستاکە من مامێکی خۆشەویستم، کە کتوپڕ لە دەوازەی بوون بە شایەتی شووشتنی پیرۆزی منداڵێکدام. منداڵەکـان کـەیفـیـان بە من دێت، ئێـسـتـا دەتوانم یارییان لەگەڵدا بکەم، تۆپیان بۆ بکڕم، بیانبەم بۆ دۆندرمـەخـواردن، دۆندرمـەی سـەر بە فـرۆ، دەتوانم هێـشـوویەکی زەبەللاحی مـیـزڵدانیـان بۆ بکڕم، دەتوانم کـەشـتی جـۆلانە و چەرخ و فـەلەک بە کـۆمـەڵێکی پڕ لە بەزم و خۆشی ئاوەدان بکەمەوە.

لەوکاتەی خوشکەکەم بە کتوپڕی شت و مەکێکی زۆری بۆ کوڕەکەی کری، ئەو کوڕەی کە من شایەتی شووشتنی پیـرۆزی بـووم، لە خـەیاڵ ڕاچووم و دەستم بەوە کـرد بیـر بکەمەوە ئاخۆ کێ لەم نەوەیەدا لەدوای من دێت و ئێستا وا خــەریکە گــەورە دەبێ؟ کێ لەو منداڵە جــوان و چاوگەش و یاری خۆشانەی خوشک و براکانم هێناویانەتە دنیــا دەبن بە مــەڕە ڕەشــەکــانی نەوەی داهاتوو؟ چونکە ئێــمــە خــانەوادەیەکی خــاوەن کــەســایەتین و هەرواش دەمــێنینەوە. کێ دەتوانێ هەر بەچاکی بمێنێــتــەوە تا ئەو کاتەی ئەوی تر لە چاکی دەکـەوێ؟ ئەو کـەسە کـێیـە کە بیــەوێ لەناکــاو نەخــشــەیەکی دیکە بۆخــۆی دابڕێژێ؟ نەخـشـەیەکی باش و بێ هەڵـە و کـەمـوکـووڕی؟ من حـەز دەکـەم ئەوە بزانم، حـەز دەکـەم ئاگـاری بکەمـەوە، چونکە ئێـمە شـارەزاییـمـان هەیە و ئەم پیشـەیەی ئێـمـەش وەک یاری ڕێسـای خۆی هەیە، کە دەمـتـوانی ئەوم لێ ئاگادار بکردبایەوە. ئەو مـەڕە ڕەشـەی داهاتوو کـە لەم کـاتەدا نەناسـراوە، وەک مـەڕێکە لە پێـسـتـی گـورگـدا و لەناو مێگەلێکی دیکەدا یاری دەکات.

بەڵام هەستێکی تاریک لای من دروست بووە، کە ئیتر من ئەوەندە زۆر ناژیم تا ڕێنمایی ئەو مەڕە ڕەشە بکەم بۆ ناو نهێنییەکان، ئەگەر من بمرم و قەرزەکان ساف بکرێن، ئەوە ئەم خۆ دەردەخات و بە دەموچاوێکی تووڕەوە دەچێتە لای دایک و باوکی و دەڵێ کە ئیـتـر بێـزار بووە. منیش هیــوادارم تا ئەوکــاتە هەندێک لە پارەکــەم بمێنێــتــەوە، چونکە من وەســیــەتەکــەی خـۆم گــۆڕیوە و پاشـمــاوەی مـیراتەکەم پێشکەشی ئەو کەسە دەکەم کە بەر لە هەمـوو شــتـێ بە بێ ئەم لاو ئەولا نیــشــانەکــانی ئەوەی لێ دەردەکەوەێ کە بە تەواوەتی مەڕە ڕەشەکەی دوای منە.

گرنگ ئەوەیە کە ئەو بە قەرزاری ئێوە نەمێنێتەوە.

## چەند سەرنجێک دەربارەی ئەم چیرۆکە:

ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە ناسراوەکانی نووسەری ئەڵمانی بەناوبانگ هاینریش بۆل (١٩١٧-١٩٨٥)، ساڵی ١٩٥١ نووسیویەتی و هەر ئەو ساڵەش خەڵاتی یەکەمی (گرووپی ٧٤)ی ئەڵمانی بەدەست هێناوە. لەوساوە ئیتر بە دەیان جار لە شێوەی نامیلکەی سەربەخۆ و لەسەر لاپەڕەی گۆڤارە ئەدەبییەکان، لە شێوەی چیرۆکی وێنەدار، لە دووتوێی چەندان هەڵبژاردەی کورتە چیرۆکەکانی (بۆل)دا، بڵاو کراوەتەوە، هەروەها لە ڕادیۆ خوێنراوەتەوە و لە شێوەی کتێبی دەنگیش بڵاوکراوەتەوە، دوا جاریش لەنێو کۆبەرهەمەکانی بۆلدا شوێنی خۆی گرتووە.

دەستەواژەی (مەڕی ڕەش) وەک ئیدیۆمێک لە زمانی ئەڵمانی بۆ مرۆڤە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە بەکاردێت، بەڵام جیاوازییەکی نەرێنی.

چیرۆکی مەڕە ڕەشەکان بە چەشنێکی جیاواز لە نووسینەکانی ئەو سەردەمە نووسراوە، بەڵام ئەو چەشنە نووسینە بۆ ئەو سەردەمەی خۆی کە ڕەوتی ئەدەبی هێشتا ماندوویەتی جەنگی لە کۆڵدا بوو، بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە. چیرۆکەکە باس لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ بە چەشنێکی جیاواز لەناو کۆمەڵ و دەوروبەری خۆیاندا بژین، یان هەر بە سروشت و پێکهاتەی کەسایەتی و دەروونی خۆیان کەسانی جیاوازبن لە دەوروبەرەکەیان، بەڵام ئەوانەی بە ویستی خۆیان دەیانەوێ بە شێوەیەکی جیاواز لە دەوروبەری خۆیان بژین دوو جۆرن: یان خەڵکانێکن ئامادەن باجی ئەو جیاوازییە بدەن، یان ئەوانەن کە بەرژەوەندی خۆیان لەو جیاوازییەدا دەبیننەوە. بۆل لەم چیرۆکەدا باس لەو چەشنەی دووایان دەکات. باس لە کەسێک دەکات کە لەناو هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی خۆیدا کەسێکی جیاوازە، مەڕی ڕەشی ناو خانەوادەکەیانە. کەس بەتەواوەتی لێی حاڵی نابێ، پیاوێکی زۆربڵێی مەجلیس گەرمکەر و سەرنجڕاکێشە، هەمیشە باس لە پلان و نەخشەکانی ژیانی داهاتووی دەکات بەبێ ئەوەی هیچیشیان جێبەجێ بکات.

بۆل ئەو چیرۆکەی بە چەشنێکی تەنزئامێز نووسیوەتەوە، شوێنەواری هونەرمەندانەی بۆل لەم چیرۆکەدا لە خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشدا دەردەکەوێت، ئەویش بریتییە لە بەستنەوەی نەوەی پێش خۆی و نەوەیەکی دوای خۆی، چیرۆکخوان دەبێتە پردی پەڕینەوە لەنێوان سێ نەوەدا. شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەسەر زمانی یەکەمین کەسی تاک دەگێڕدرێتەوە کە باس لە خەسڵەتە سەیروسەمەرەکانی مەڕی ڕەشی ناو خانەوادەکەیان دەکات، کەچی لەپڕ دەردەکەوێ چیرۆکخوان خۆی دەبێتە جێگرەوەی مەڕی ڕەشی نەوەی تازەی خانەوادەکەیان، کە ئەویش وەک مەڕی ڕەشی پێشوو لە ئامێرێکی بێ خێر زیاتر نییە. بۆل لەم چیرۆکەدا باس لەو مرۆڤە قەڵپ و فشەکەرانە دەکات کە لە ژیانی خۆیاندا مشەخۆرانە دەژین و تەنیا بەدوای هەوای دەروونی خۆیان دەکەون و دەیانەوێ لەناو گەورەترین پانتایی سەربەستی و گوێ پێ نەداندا بژین، ئەگەر بۆشیان بلوێ حەز دەکەن هەموو دنیا لەسەر میزاجی خۆیان بگوزەرێن. (مەڕی ڕەش) لەم چیرۆکەدا هەتا ڕۆژی مردنیشی نابێتە خاوەن پیشەیەک کە پێی بانگ بکرێت، یان پێیەوە بناسرێتەوە، ئەو مەڕە ڕەشانە لەدوای خۆشیان شوێنەوارێک جێ ناهێڵن تا نەوەی دوای خۆیان بە چەشنێکی ئیجابی چاوی لێ بکەن. هەڵبەتە ئەو جۆرە کارەکتەرە جیاوازانە لەناو هەموو خانەوادەیەکدا هەن، بە جۆرێک هەبوونی ئەو واقیعە جۆرە قۆشمەیەکی میللی لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا هێناوەتە ئاراوە، بۆل ئەو قۆشمەیەی وەک جۆرە تەنزێک لەو چیرۆکەدا بەکار هێناوە.

ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە دەبێ چی وای کردبێ ئەو چیرۆکە لە پێشبڕکێیەکی چیرۆکەکانی ئەو سەردەمەدا خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنابێ؟ خۆ ئاستی کورتە چیرۆکەکانی تری بۆل کە لەپێش ئەمەیانەوە نووسیونی زۆر لەو چیرۆکە بالاترن! بە لێکدانەوەی خۆم گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە لەو ساڵانەی دوایی جەنگ کە هێشتا خەڵک لەناو شارە وێران و کاولکراوەکاندا دەژیان و هێشتا برینە قووڵەکان سارێژ نەبووبوون، هێشتا بیرەوەرییەکان زۆر بە زیندوویی لەناو دەروونی خەڵکدا بوون، ئەو تێکستە دوور و نزیک باس لە جەنگ ناکات، چیرۆکێکە وەک بڵێی دەیەوێ زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی خوێنەر، زەردەخەنەیەک کە هێشتاکە زۆری مابوو تا

له قوولایی دڵی مرۆڤه شەکەت و زامدارەکانی ڕۆژانی جەنگ هەڵقوڵێ و لەسەر لێوە بە بارەکانیانەوە بنیشێتەوە. ئەو تێکستە لەو ڕۆژگارەدا چەشەی بە دڵی خەڵک بەخشیوە، بۆیە پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە! لەلایەکی ترەوە ئەدەبی ئەڵمانی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی ئەوەی وەک ئەرکێکی نیشتمانی خستبووە ئەستۆی خۆی کە مۆرکی تاوانی جەنگ و گێچەڵ و شەڕانگێزی نازییەکان لەناو بازنەی بەرپرسیاریەتی مرۆڤی ئەڵمانیدا بخاتە دەرەوە، ئەو قۆناغە وەک خاڵێکی نامۆ لە مێژووی ئەڵمانیا بخاتە ڕوو کە وەک مەڕێکی ڕەش لەسەر ئاستی مێژوویی، تەنانەت کەسایەتی هیتلەریش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لە چەشنی مەڕی ڕەش وێنا بکەن، تا لەم ڕێگایەوە پانتاییەکی زیاتر بۆ بەرائەتی مرۆڤی ئەڵمانی فەراهەم بکەن، ئەمەش تەواو ئامانجی ئەو ئەدیبە لاوانە بوو کە خۆیان لەنێو گرووپێکدا کۆکردبووەوە بەناوی (گرووپی ٤٧) و بۆلیش ئەندامی ئەو گرووپە بوو. ئەمانە کە گرووپێکی ئەدەبی بوون لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی لە ئەڵمانیا ئەوەیان لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو کە لە ڕێگەی ئەدەبەوە بتوانن سەرلەنوێ قۆناغێکی تازەی هزر و کولتوورێک بێننە ئاراوە کە پشت لە جەنگ و بیری شەڕانگێزی بکەن و دەرگای دنیایەکی تازە بەڕووی مرۆڤی ئەڵمانیدا بکەنەوە.

هەروەها ئەم چیرۆکە لەڕووە مێژووییەکەشیدا بۆ ئەدەبی ئەڵمانی دوای جەنگ بایەخێکی تایبەتی هەبووە، لە بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکەوە ڕێگەی ئەوە لەبەردەم ئەدیبێکدا خۆش کرا کە ئەدەبی هاوچەرخی ئەڵمانی بباتە ناو قۆناغێکی زۆر باڵاترەوە. ئەو چیرۆکە بوو بە دەروازەیەک بۆ ئەوەی ئیتر بۆل وەک نووسەرێکی ئازاد ژیانی خۆی تەنیا بۆ نووسین تەرخان بکات، ئەوە ئەو هەل و شانسە بوو لەسەرەتای ژیانی ئەو نووسەرە کە بتوانێ سوودی لێ وەربگرێ تا زیاتر پەرە بە بەهرەی خۆی بدات و لەلایەکی تریشەوە وەک مرۆڤێک بتوانێ لە سێبەریدا بژی. بۆل بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکەی بە کاری کورت خایەن و ناجێگیر بژێوی ژیانی دابین دەکرد، جارێک لە دوکانی دارتاشی براکەیدا کاری دەکرد، جارێک وەک فەرمانبەرێکی یاریدەدەر لە بەشی ئاماری شارەوانی شاری کۆلن کاری دەکرد، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی چیرۆکی مەڕە ڕەشەکان ئیتر ژیانی گۆڕا. بۆل بەهۆی ئەو چیرۆکەی خەڵاتی یەکەمی گرووپی ٤٧ی وەرگرت، ئیتر ئەو خەڵاتە لەو کاتەدا جگە لەوەی بڕە پارەیەکی باش بوو بۆ ئەو، لەلایەکی ترەوە ناوبانگێکی زیاتری لەلای خەڵک پەیداکرد کە خوێنەران چاوەڕێی شتی تری لێ بکەن، ئەمەش مۆتیڤێک بوو بۆ ئەوەی بگاتە قەناعەت کە بۆ ژیان واز لەو کارە لاوەکییانە بێنێ، ئیتر ڕوو لە دنیای نووسین بکات و وەک نووسەرێکی ئازاد لە ڕێگەی نووسینەوە ژیان بگوزەرێنێ. دیارە ئەو هەستی بەوە کردبوو کە نووسین بواری ڕاستەقینەی ژیانی ئەمە، تا هەر لەم ڕێگایەوە بتوانێ بیروڕا و خەباتی خۆی بۆ دژایەتی کردن و نەفرەت کردن لە جەنگ و ماڵوێرانی بەرجەستە بکات. ڕێگایەکی پڕ خەبات و کۆشش تا سەرئەنجام توانی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی ساڵی ١٩٧٢ بەدەست بێنێ و زیاتر لەناو دنیای نووسیندا قاڵ ببێت.

**سەرچاوەی ئەم چیرۆکە:**

**Die Schwarzen Schafe, Böll, Werke B2, Auf. 1, K&W Verlag, Köln 1977, S299**